لە وانە ئەمزانییەکەیدا: سەماحەتی حەکیم بەردەوامە لە باسکردنی ئاسەوارەکانی نوێژ و لەبوردن لەقورئانی پیرۆزدا

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە وانە ئەمزانییەکەی ئەمڕۆدا ، باسی ئایەتە قورئانییەکان یکرد کە ڕوونی دەریدەدەخات کە لەبوردن چەند پەیوەندی بە نوێژکردن هەیە لەڕێش لە باسکردنی پەیامی مافەکانی ئیمامی عەلی کوڕی حوسێن ئەلسەجاد (سلاوی لە بێت)باسی مافی نوێژکردن و کاریگەری قووڵی لەسەر ژیانی مرۆڤ کرد.

لەم بارەیەوە لە قسەکانیدا سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بە سووڕەتی المزمل کرد ئایەتی (20) کە زۆر بە باشی کارە مرۆییەکان لە دونییا و ئاخیرەتدا دەخاتە ڕوو، ڕوونیشی کردەوە کە ئەو ئایەتە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ هەمیشە لە حاڵەتێکی چاودێری دایە لە لایەن خودای گەورە بە هەموو کارەکانیدا و ئاماژەی کرد کە خودای گەورە ڕستنی بە بەندەکانی ئاسان کردوە هەروەها گوتیشی گوتنەوەی ئایەتەکانی قورئان و نوێژکردن مەزنترین ئەو کارانەن کە دەکرێت مرۆڤ پێشکەشیان بکات.

سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر پێویستی دووبارەکردنەوەی قورئانی پیرۆز کردووە، چونکە گرنگی تایبەتی هەیە لە پاککردنەوەی دڵەکاندا، هەروەها ئاماژەی بە فەرموودە پیرۆزەکان کرد، وەک فەرموودەی پێغەمبەری خودا (د خ) کە دەڵێت: "هەرکەسێک لە ئێوە حەز دەکات قسە لەگەڵ پەروەردگاری بکات، با قورئان بخوێنێتەوە".

هەروەها جەختی لەسەر گرنگی بەدەستهێنانی بژێوی حەڵاڵ کردەوە و ئاماژەی بە گوتەکانی ئیمام سدیق (د خ) کە دەڵێت: "ئەو کەسانەی حەز ناکەن بە حەڵاڵ پارە کەبکەنەوە هیچ سوودێکیان نییە"، ئاماژەشی بەوەدا کە نیعمەت لە بژێوی حەڵاڵدایە لەبەر ئەوەی یارمەتیدەرە بە مرۆڤ لە دونیا و ئاخیرەتدا.

لەکۆتایی وانەکەیدا، سەماحەتی حەکیم داوای بەدی هێنانی هاوسەنگی کرد لە کارەکانی دونیا و ئاخیرەتدا و دووپاتی کردەوە کە نوێژکردن و زەکاتدان و خوێندنەوەی قورئان لەگەڵ جیهاد لە پێناوی خودای گەورە هەموویان ڕێگایی خێرن و مرۆڤ لە خودا نزیك دەکەنەوە و دەرگاکانی لەبوردن و بەزەییان بە دەکەنەوە.